دژەتیرەری کوردستان دەنگۆی کۆتنە خوارەوەی درەن لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕەت دەکاتەوە

دژەتیرەری کوردستان، دەنگۆی کۆتنە خوارەوەی درەن لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: ئەم هەواڵە بێ بنەمایە و هیچ جۆرە درەنێک لەو سنوورە نەکۆتووەتە خوارەوە.

ئەمشەو یەکشەممە 29ـی حوزەیرانی 2025، دژەتیرەری کوردستان، لە ڕاگەیەنراوەکدا ئاماژەی بەوە دا، لە ژمارەیەک میدیا و کەناڵی ڕاگەیاندن، هەواڵەکیان بڵاو کردووەتەوە گوایە درەنێک لە سنووری پارێزگای هەولێر کۆتووەتە خوارەوە، بەڵام ئەم هەواڵە بێ بنەما و ناڕاستە و هیچ جۆرە درەنێک لەو سنوورە نەکۆتووەتە خوارەوە.

هاوکات دژەتیرەری کوردستان، داوا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەزگا میدیاییەکان دەکات، پابەندی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی بن و بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ هەر جۆرە ڕووداوێک بکەن، تا نەبنە هەکاری دەڵاوکێی هاووڵاتیان و لەدەستدانی متمانە.